ویْنەیەكی تەرجەمەكراوی
دەقە عەرەبییەكەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:42**
**رۆژی دەرهێنان: 2004/10/13**

پشت بە حوكمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (50)ی رۆژی (2004/10/12)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەڵاحییاتەش كە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(42)ی ساڵی 2004**

**ماددەی یەكەم:**

Fvبڕگەی (1)ی ماددە(408)لە یاسای سزاكانی ژمارە(111)ی هەمواكراوی ساڵی 1969، لە هەرێمی كوردستانی - عیراقدا لەكاردەخرێ و، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

1-هەر كەسێ گاڵی(هانی)كەسێ بدات خۆی بكوژێ، یان بەهەر شێوەیێ یارمەتی بدات خۆی بكوژێ، یان بووبێ بە هۆكاری خۆكوشتنەكە ئەگەر خۆكوشتنەكە بەپێی ئەوە روویدابێ، ئەوە، ئەو كەسە سزای زیندانیی بۆ ماوەك بەسەردا دەدرێ لە حەوت ساڵ نەترازێ، لە حاڵەتی شروعیشدا سزاكەی حەپس كردنە.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا، دەخرێتە بەركار.

**د.كمال عبدالكريم فؤاد**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی - عیراق**